www.kurdistannet.org
19-2-2006 11:31بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# کتێبەکەی مەریوان هیچ داهێنان و میتۆدێکی فکری تێدا نییە ... عەلی نەورۆڵی

جاران تەنها حیزبە کورییەکان جەماوەریان چەواشە دەکرد، کەچی ئێستا خەریکە بەناو ڕۆشنبیرەکانی کۆمەڵگای کوردیش دەستیان کردووە بە چەواشە کردنی جەماوەری میللەتەکەمان. لەم چەند ڕۆژەی پێشودا هەواڵی بڵاوبوونەوەی کتێبێکی مەریوان کە دوور لە هەموو بنەماو مۆرالێکی ئەخلاقی لە کوردستان بڵاو بووەوە، کە باس لە ڕەوشتی پەیامبەرانێك دەکات بە خراپی، گەر بێت و ئەو قسە هەرزانەی هەڵەبجەیی ڕاست بوایەن، ئەوا هەر لەو زەمەن وکاتانە شوێنەواریان دەکوژایەوەو نەدەگەشتە ئێستاو پەیامەکەیان زیندە بەچاڵ دەکرا، هەر بەهۆی ئەم کتێبە هەرزەی مەریوانەوە چەند سایت و ڕۆژنامەیەك ئەو مەسەلەیان زیاتر لە قەبارەی خۆی گەورە کرد، بێ ئەوەی هیچ ڕوونکردنەوەو لێکدانەوەیان کردبێت لە سەر کتێبەکەو ناوەڕۆك و ناخ وکەسێتی خودی مەریوان یاخود تەنها حەرفێکیان لە کتێبەکەو تەنها ووشەیەکیشیان لە سەر باکگراوەندی مەریوان بزانن. ئەوەی ڕاستی بێت تەنها ڕیخراوە چەپەکان وەکو کاری هەمیشەیان هەر کەسێك تەنها وشەیەك دژی ئیسلام بنووسێت، ئەوان کتێبێکی لە سەر تەفسیر دەکەن، بەبێ ئەوەی پەنا بۆ هیچ سەرچاوەیەکی دروست و باوەڕپێکراو بەرن، لە نزیکەوە کاکی هەڵەبجەیی باش دەیناسم و ئاستی ڕۆشنبیری و پلەی خوێندەواری هێندە بەرز نیە بتوانێت وەکو کەسێکی ئەکادیمی و دەروون زان، لێکۆڵینەوە لە سەر قورئان بکات، یان دێت چەند ئایەتێکی تەرجومەکراو یان چەند فەرمودەیەکی موحمەد کە (بە لاوازو زەعیف ناوبراون) لە عەرەبیەکی کۆڵەوارەوە بە شێوەیەکی سادەو ساکار لە کتێبَك کۆدەکاتەوە کە ئامانج و مەبەستێکی تایبەت بە خۆی لە پشتەوەیە، بەڵکو لەسەر پەندێکی پێشینانیش لێکدانەوەی هەڵە دەبێت چ جای قورئان و پەیامبەرانی خوا، چونکە مرۆڤێك باس لە ئەکادیمی بوون دەکات کە بڕوانامەیەکی بەرزی بە دەست هێنا بێت! خەڵکی دەڤەری هەڵەبجە باش دەزانن چەندی خوێندوە! هەروەها پێم باشە هەڵوێستیەك لە سەر کەسێتی نووسەر بکەم، کە سەر بە دەزگای پاراستنەو هەر لە سەر ئەرکی ئەو حیزبە کتێبەکەی چاپکراو، بۆیەش ئەم کاتەشیان هەڵبژارد بۆ بڵاوکردنەوەی کتێبەکە، بۆ ئەوەی لەم کات وساتەدا کێشەی دکتۆر کەمال لە بیر خەڵکانی ڕۆشنبیر بەرنەوەو ئەو پاڵەپەستۆو فشارە نێودەوڵەتییە کەم بێتەوە. ئەوەندەی من ئاگادار بم هەڵەبجەیی زۆر دەمێکە ئەیەوێت بێت بۆ هەندەران بەلاَم بۆی نەلواوەو توانای مادیشی نەبووە، بۆیە ئەمرۆ چاکترین (کەیس) کە لە ئەوروپادا برەوی هەبێت، ئەو کەیسانەیە کە پەیوەندی بە دژایەتی کردنی ئیسلامەوە هەیە. کاریکاتێرەکان باشترین بەڵگەن بۆ ئەم بۆچوونە، بۆیە مەریوان پەیتا پەیتا لە بارەگاکانی پارتییەوە هاوار دەکات و دەیەوێ سۆزی ڕۆشنبیرانی کوردی ئەوروپا بۆ خۆی ڕاکێشێ و کۆمەکی مادی بۆ بنێرن، وەك چەند جارێك ئاماژەی پێدا لە پەیوەندییەکانی لە پالتاك و هێڵی تەلەفون، وا دەزانی خەڵکی ئەوەندە گێلە وا هەست بکەن کە مەریوان لە شاخ و گوندەکانی کوردستان خۆی حەشارداوە ئەی بۆ نالێت لە شوێنێکی گەرم نەرمە، دەبوایە لایەنە ئیسلامییەکان و جەماوەر ئەو مەسەلەیان گوێ پێنەدایە، چونکە مەریوان مەرامەکەی و بەرژەوەندییەکەی لەوەدایە کە ئەوان گەورەی بکەن، ئەگینا ئەو کتێبەی هەڵەبجەیی نە هیچ شاکارێکی ئەدەبی و یاخود زانستی و فکری نوێخوازی تێدایە تەنها سوکایەتییەکی ئاشکرای ئاینەو بەس ئەویش بۆ مەرامی تایبەتی خۆی...